www.kurdistannet.org

بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 23:38 22-10-2006

# سەدام و حوسێن ڕەشید لەنێو دادگادا کەرامەتی نەتەوایەتیان ئەنفال کردینەوە؟؟؟ ... قادر نادر

دەڵێن لە سەرەتای حەفتاکاندا سەرکردایەتی کورد لە گفتوگۆکاندا لەگەڵ رژێمی بەعسدا زۆر پێی داگرتبوو کە دەبێت عێراق دیموکراسی بێت، خودی سەدامیش پێی ڕاگەیاندبوون، ئەوە کێشەی ئێمەیە ئێوە وەکو کورد داخوازیتان چیە؟ بەهەر فێڵێکی سەدام ئەم ئاخافتنەی دابێت ووتەیەکی مەنتیقە بۆ ئێمە ئەگەر خۆمان پێ گەلێکی داگیرکراو بێت.

لە م ڕۆژانەشدا، دانیشتنی 15 و 16 ی دادگایی کردنی سەدام و6 لە تاوانبارانی تردا، هەندێ زانیاری و ڕەخنەی زۆر گرنگ لە زاری تاوانباران دەربرا، بەتایبەتی ئاخافتنەکانی حوسێن ڕەشید کاتێک لە 15 یەمین دانیشتندا ووتی کە دارێژەری سەرەکی پرۆسەی ئەنفال وەفیق سامەرائی بووە، وە ڕۆژی دواتریش سەر لەنوێ هەمان تاوانبار لە بەشداریەکی گفتو گۆییدا ڕای گەیاند کە زۆر سەیرە مەسەلەی ئەنفال یەکجار گەورەیە کە چی 7 کەس بەتاوانی لە قەڵەم دەدرێت لە کاتێکدا زۆر خەلکی تر بەشدار بوە؟ وەداوای لە دادوەر کرد کە هەر کەسێک لەم دادگایە ناوی دەهێنرێت دەبێت دواتر بانگهێشتی دادگا بکرێت؟ دواتر ووتی ئەگەر حەجاج ئەو تاوانبارە گەورەیە بۆ ناچن بیگرن!!؟؟ ئەگەر چی ئەو لای وابوو ئەم کەسایەتیە وەهمیە؟

خودی سەدامیش هەر بەهەمان شێوە ئاخافتنی خۆی کرد و گەورەترین سوکایەتیشی بە هەموومان کرد بەڵام بەهۆی دەسەڵاتبوونی پارتی ویەکێتی لەکوردستان سوکایەتیەکە بەشی شێری بەر ئەوان دەکەوێت. کاتێک ئاماژەی بەوە کرد کە لەم دادگایە پارە وگرنگیەکی زۆری بۆ تەرخان کراوە، ئەی بۆ ناچن حەجاج بگرن مادام ئەم تاوانبارە گەورەیە؟ ڕێگاشی بە دادگاو سەرکردایەتی کورد و پارێزەرانی قوربیانیان پیشاندا، ووتی ئەوە نوگرە سەلمان بچنە سەر ناوی ئەو پۆلیسانەی ئەو کات کاریان کردوە، زۆر بەسانایی ناوو زانیاری لەسەر بەدەست دەهێنن؟ من لەگەڵ وتنی ئەم ووشانەی سەدام و حوسێن ڕەشیدا تنۆک تنۆک ئارەقەی شەرمەزاریم هەڵدەڕشت.

ئاخر لەمێژوی هیچ گەلێک ڕویداوە کە عەقلی سیاسی سەرکردایە تیەکەی باس لە نیشتمانی بوون بکات لەم لاشەوە دارێژەری گەورەترین تاوان بە رامبەر گەلەکەت راوێژکارت بێت؟ ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەنفالی کەرەمەتی نەتەوایەتیە؟؟ وە گەورەترین سوکایەتیە بە کوردستان وخەلکی ئەنفالکراو.

خالی دووەم حوسێن ڕەشید راست دەکات ئەم تاوانە گەورەیە هەر 7 تاوانبار نینە بەڵکو بەسەدان و هەزاران تاوانبار بەشدار بوونە، کە دڵنیام چۆن لەکوردستان ئەنفالچیەکان 15 ساڵە لە بری خەڵکی ئەنفال کراو خۆش گوزەران دەژین لەژێر سایەی 5 کابینەی باڵا دەستی ئەم 2 هێزە، لە دەسەڵاتی بەغداش بەهەمان شێوەیە.

ئەگەر نا 15 ساڵە ئیدارەو دەزگای سیاسیمان هەیە، 3 ساڵیشە ڕژێمی سەدام رووخاوە، ئایا گرتن و زیندانی کردنی یەکێک لە گەورەترین جەلادی ئەنفال حەجاج نەدەکرا... ئایا لە 15 ساڵی ڕابردودا پارتی ویەکێتی بۆچ ئەوانەی لە خەتی سوریان داون، تیرۆر، گرتن، ئەشکەنجە... بۆتە میوانیان، ئەی بۆچ ناتوانن تاوانبارێکی گەورەی وەک حەجاج زیندانی بکەن خۆ ئەوە سەدام ڕێگاشی بۆ کورت کردنەوە.